# کۆڕی یادی شەبۆ لە ستۆکهۆڵم
# وتاری هاوڕێ عومەری ئیلخانی زادە

ڕۆژی هەینی ٢٥ی مانگی ژوئەن، لە شاری ستۆکهۆڵم، لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا، بە بەشداریی هاوڕێیان عومەری ئیلخانی زادە و جەمیلەی ڕەحیمی و ئەسرینی ئیلخانی زادە، یادی شەوبۆ کرایەوە. لە کۆبوونەوەکەدا کە پڕ بوو لە هەستی هاودڵی و هادەردی ، کۆمەڵێک لە دۆستان و ئاشنایان، ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی دانیشتووی ستۆکهۆڵم و شارەکانی دیکەی سوێد و نۆرویژ، تێکۆشەرانی لەمێژینەی کۆمەڵە کە سالانێک هاوخەباتی یەکتر بوون و، هەروەها نوێنەرانی ژمارەیەک لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان، بەشدار بوون. هاودڵی و هاوخەمی بە شێوەیەکی وا بەرین و گەرم وگوڕ دایک و باوکی شەوبۆی لە ئامێز گرتبوو کە هەست بە قووڵترین مانای دڵسۆزی و هاوپشتی بکەن.

لە سەر پەردەیەکی گەورە، کۆمەڵێک وێنە لە ژیانی سەردەمی منداڵیی شەوبۆ نیشان دران. بۆ هەموو ئەو کەسانەی ژیانی پێشمەرگانەیان تێپەڕ کردووە، ئەو وێنانە وەبیرهێنەرەوەی گەلێک دیمەنی زیندووی ژیانی پێشمەرگانە بوون. وێنەیەکی شەوبۆ لە تەمەنی دوو ساڵیدا، لە پەنا خێوەتێک بە باوەشی باوکیەوە و، وێنەیەکی دیکەی لە کاتێکدا دایکی یەکەمین پیتەکانی خوێندنی فێر دەکا، فرمێسکیان بە چاوی زۆر کەسدا هێنایە خوار. لە سەر شانۆی کۆڕەکەش، شەوبۆ لە وێنەیەکی گەورە دا لە نێو بازنەی گوڵی سپی و تیشکی مۆمدا، تاقە کەسی ناو ئەو کۆڕە بوو کە بزەی لە سەر لێو بوو.

سەرەتا بەدریی تەوحیدی بەخێرهاتنی بەشداربووانی کرد و ڕایگەیاند کە بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەوبۆ و هەموو گوڵاڵەسوورەکانی شۆڕشی کوردستان، دەقیقەیەک بێدەنگی ڕادەگرین. فەریبورزی فەخاری بە پێشکەش کردنی پارچە مۆسیقایەک بێدەنگییەکەی شکاند. «ژانی لەدەست چوون»، ئەو مۆسیقایەی پێشتر فەریبورز لە کاتی مەرگی فاتیمە شاهیندال و ئانالیندی وەزیری دەرەوەی سوێد دا، خەمی هاوبەشی پێ دەربڕیبوو، لەو کۆڕەشدا بە هاوارێکی بەرز هاتەوە زمان. ناسری حیسامی، شیعری «مەرگی شەوبۆیەک» لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسی خوێندەوە. نەجمەدینی غولامی، لە وتەیەکی کورتدا، باسی خەمی لەدەستدانی شەوبۆی کرد و پاشان هەمان شیعری بە ئاوازێک پێشکەش کرد. شیلانی ڕەحیمی خاڵۆزای شەوبۆ، کەژاڵ و، دوکتور محەممەدی ڕەحیمی خاڵی شەوبۆ، هەرکامیان وتارێکیان پێشکەش کرد و فاتمەی محەممەدی لە دوو بەرهەمدا شەوبۆی لاواندەوە.

هاوری عومەری ئیلخانی زادە، لەو کۆڕەدا وتەیەکی پێشکەش کرد و وتی:

«من نازانم چۆن بدوێم، لە کوێوە بدوێم. سەرەخۆشی لە ئێوە دەکەم، لە هەمووتان، کە لە پێگەیشتن و ژیانی شەوبۆدا هاوبەشن. بۆ من گرانە قسە کـردن. ٢٢ سـاڵ گـەورەکردنی شەوبۆ و ئەسرین، ئەرکی زۆری بە سەر جەمیلەوە بوو. نەک هەر وەک دایک، بەڵکوو زۆر جار ئەرکی منیشی وەئەستۆ گرت. ئەوە یەکـەم جـارە، ئـەو ئـەرکی هـەردووکمان دەخاتـە سەرشانی من و، داوای کرد من لە جیاتی هەرتکمان قسە بکەم. خۆزگـا مـن، رووبـەرووی ئێوە ئازیزان و هاوڕێیان و دۆستانێک کە لەم چەند ڕۆژەدا، ئەو پەڕی گەورەیی و، موحبەت و هاوبەستەگیتان نواندوە، بتوانم لە عۆدەی ئەو ئەرکە بێمە دەرێ.

جەژنی ١٨ ساڵییان بوو، من نـەمتوانی بەشـداری بکـەم. فاکسـێکم بـۆ نـاردن. دوێنـێ شەوێ، گەڕام نووسراوەکەم نەدیتەوە، بەڵام فیلمێک گیرابوو، گوێم دایە. بەرانبەر بە شەوبۆ ئاوام گوتووە، ئەو وەختی کە زیندوو بووە، قسەیەک نییە ئێستا بیکـەم. گوتوومـە شـەوبۆ سەربزێو و عەجوول و نەسرەوتووە، بەڵام ئینساندۆست و نوێخوازە. ئەو خەسلەتە، لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە و لە ناو ڕیزەکانی شۆڕشی چەوساوەکانی کوردستاندا بەو گەیشتووە. ئەسرینمان مەند و ئارامە و، کەمتر ڕاز و نهێنیی خۆی باس دەکا. ئەو لە ناو ئەو کەسانەدا بار هات کە ئەوکات خەباتی نهێنییان دەکرد. سروشـتی خـەباتی شـاخ شـەوبۆی رەنگ پێدا و خەسلەتەکانی شەوبۆی دیاری کرد. سروشتی خەباتی ئەو تێکۆشـەرانەش کـە لە شار بوون و ئەسرین لـە نـاو ئەوانـدا دەژیـا، بـە ئەسـرینەوە دیـارە. ئـەو دوو خوشـکە ئاوەڵدوانەیە کە بە ڕەنگ لە یەک نەچوون، لە زۆر ئەخلاقیشدا لە یەک نەچوون. ئەخلاقیشیان جیاواز بوو. بەڵام لە ئینساندۆستی و راستگۆیی لە گەڵ یاران و دۆستانی خۆیاندا، هەرتکیان وەک یەک بوون.

شەوبۆ یەکێکە لە زۆر ئاواتی بەدی نەهاتوومان. یەکێکە لە زۆر ئینسان کە لە دەستمان دان و ئەگەر مابان بێگومان لەسـەر دەوروبـەری خۆیـان تەئسـیریان دەبـوو. بۆیـە خـەمی لەدەستدانی شەوبۆ لای هەموومان قورسە کـە شـەوبۆ یادگـار و بیرەوەریـی دەورەیـەکی تایبەت بوو. لە هەموو سەختی و، خۆشی و ناخۆشییەکانی ئەوکاتدا، لە گەڵ کۆمەڵێک منداڵی دیکە لەناوماندا بوون کە ئەوانیش، دوور لە تەمەنیان، بۆ من هەر شەوبۆن. ئەوانیش هەر لـە نەسلی ئەو هەڵاڵانەن کە لەسەر بەرد ڕواون.

لە ساڵانی ژیانی ئەو کچانەدا، ئێمە هیچکات ڕێگامان لێ نەگرتن، خۆشمان دەویستن و، حەزمان دەکرد هەروا سوننەت شکێن بن و بتوانن لە سەر پێی خۆیان ڕاوەسـتن. دۆسـت و ئاشنا، هێندێک جار لۆمەشیان کردین، یان رەخنەیان لێ گرتین لەسەر هێندێک شت؛ بەڵام من خۆشحاڵم کە هیچکات ئێمە هەوڵمان نەدا بەر بەو نوێخوازی و فرەخوازی و ئازادیخوازییەی شەوبۆ و ئەسرین بگرین. دڵنیام لەم دنیایەدا هەر شەوبۆیەک نییە، بە میلیۆن شـەوبۆ هەیـە.

ئەو نەسلە، بە تایبەت ئەوانەی لە ڕابوردوویانەوە هەتا ئێستا لە ژێر ستەم و هەژاریدا ژیاون، ئەوانەی کە مرۆڤدۆستن و لایەنگری سەربەستی و ئازادین و دژی ستەمن، ئەوانە زۆرن. لە ناو ئێمەشدا شەوبۆی دیکە هەن. وەبیرهێنانەوەی ئەوانە، باشترین ڕێزگرتنە لە شەوبۆ».

لە بەشێکی دیکەی قسەکاندا هاوڕێ عومەری ئیلخانی زادە وتی:

«بۆ ئێمە، بۆ ئەسرین و جەمیلە و من، خۆ دیتنەوە لە ناو ئێوە دا سوکنایی بەخش بوو. لە ناو ئێوە، لە ناو ئەو دڵانە دا کە ئاوا لە یەک نزیکن، چونکە لە ناو شۆڕشی کوردستاندا، لە ناو شۆڕشی چەوساوەکان و بێبەشان و کرێکارانی کوردستاندا، دڵمان پێکەو لێی داوە و زۆر ئازیزی هاوبەشمان و زۆر پارەی هاوبەشی دڵمان لەدەست داوە. ئێمەش لە گەڵ هەموو ئێوە، ئەو خەمە هەڵدەگرین. قسەیەکی جەمیلەم لە بیرە لە بیمارستان، کاتێک دوایین ماڵاواییمان لە شەوبۆ دەکرد، کوتی ڕۆڵە تۆ هەموو دنیات پێ تەنگ بوو، ئێستا چۆنت بخەینە ناو گۆڕێکی تەنگەوە. بەڵام ئەو شەوبۆیەی کە هەموومان بۆی دەگرین، بریتییە لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی، ڕەفتار، ئاوات و ئارەزوو، سەربزێوی، سوننەت شکێنی، ئینساندۆستی و عەداڵەتخوازی. ئەوانە هەرگیز ناچنە گۆڕەوە. شەوبۆ هەمیشە لایەنگری ئەوە بوو، شادی بەسەر ناخۆشی و خەم دا زاڵ بێ. ڕەشپۆش مەبن. شادی و خۆشی، ئاواتی شەوبۆ بوو. من بەش بە حاڵی خۆم هەوڵ دەدەم وا بم. شەوبۆ لە ژیاندا جوان بوو. یادیشی هەر لەو ژیانەدا کە بەردەوام دەبێ و بەرەوپێش دەچێ، دەبێ بەرز ڕابگیرێ. دەستی هەمووتان بە گەرمی دەگووشین و دڵمان لە گەڵ دڵتان لێدەدا».